# سەماحەتی حەکیم ستایشی ئەو ماوەیە دەکات کە باڵیۆزی فەلەستینی کارەکانی لە عێراق ئەنجام دەدا



لە ڕۆژی 10-9-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز ئەحمەد عەقل باڵیۆزی فەلەستین لە عێراق کەوت بە بۆنەی تەواوبوونی ئەرکەکەی وەك باڵیۆزی وڵاتەکەی لە بەغدا، سەماحەتی شانازی بەو ماوەیە کرد کە بەڕێزیان لە عیراق بەسەری برد و ڕۆڵی لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات بەرز نرخاند و جارێکی دیکەش ڕایگەیاند کە عێراق هەمیشە پاڵپشتی فەلەستین دەکات.

سەماحەتی ئاماژەی بە سروشتی ئەو سەقامگیرییە کرد کە عێراق پێی تێپەڕ دەبێت و ڕوونی کردەوە کە عێراقێکی بەهێز و سەقامگیر کاریگەری ئەرێنی بەسەر هەموو وڵاتانی ناوچەکە و سەقامگیرییان دەبێت.